# من لە کوێ داخوازی یارمەتی بکەم؟


# Var ska jag söka vård?



Översättning sorani/سۆرانی

# من لە کوێ داخوازی یارمەتی بکەم؟

## Var ska jag söka vård?




دەشێت تۆ داخوازی چاودێری لە بنکەی پێشوازی جۆراوجۆر بکەیت بە پێی ئەوەی کە چ جۆرە گیروگرفتێکت هەیە. بە زۆری بنکەیەکی تەندروستی دەتوانێت یارمەتیت بدات. لە حاڵەتی کوشندەدا زەنگ لێدە بۆ ١١٢ یان بچۆ بۆ بنکەی فریاگوزاری کوتوپڕ (ئەکیوت).

Du ska söka vård på olika mottagningar beroende på vad du har för problem. Oftast kan en **vårdcentral** hjälpa dig. Ring 112 eller åk till en **akutmottagning** vid livshotande tillstånd.





لە جێوێبی 1177.seدا دەتوانیت زانیاری دەربارەی تەندروستی و چاودێری نەخۆش بە چەندین زمان بەدەست بهێنیت. هەروەها تۆ دەتوانیت نزیکترین بنکەی تەندروستی لە خۆتەوە بدۆزیتەوە یان بزانی بنکەی فریاگوزاری کوتوپڕ کەوتۆتە کوێوە.

På webbplatsen 1177.se kan du få information om hälsa och sjukvård på olika språk. Du kan också hitta var din närmaste vårdcentral eller akutmottagning ligger.



هەروەها دەتوانیت زەنگ لێدەیت بۆ ژمارە تەلەفۆنی ١١٧٧. لەو حاڵەتەدا دەتوانیت لەگەڵ پەرستارێکدا قسە بکەیت. دەتوانیت هەموو ڕۆژێک زەنگ لێدەیت، شەوانەڕۆژ.

Du kan också ringa telefonnummer 1177. Då får du prata med en sjuksköterska. Du kan ringa alla dagar, dygnet runt.




پەرستارەکە ئامۆژگاریت دەکات و یارمەتیت دەدات چۆن لە ماڵەوە ئاگات لە نەخۆشیەکە یان برینداریەکە بێت. بەر لەوەی وتووێژەکە کۆتایی بێت پەرستارەکە زانیاریت پێدەدات دەربارەی ئەوەی ئەگەر پێویستیت بە چاودێری  تەندروستی هەبێت، کەی وە بۆ کوێ دەچیت.

Sjuksköterskan ger dig råd och hjälp med hur du kan ta hand om sjukdomen eller skadan hemma. Innan samtalet avslutas informerar sjuksköterskan dig om du behöver söka vård, vart du ska vända dig och när.

# بنکەی تەندروستی

## Vårdcentral



دەشێت بچیتە بنکەیەکی تەندروستی بۆ زوربەی برینداری و نەخۆشیەکان. بنکە تەندروستیەکە دەتوانێت بۆ نموونە یارمەتیت بدات ئەگەر تات لێهاتبێت، ئەلێرژیت هەبێت یان گەر بتەوێت واز لە جگەرە بهێنیت.

Du ska gå till en vårdcentral för de flesta skador och sjukdomar. Vårdcentralen kan till exempel hjälpa dig om du har haft feber länge, har allergi eller vill sluta röka.



هەروەها بنکە تەندروستیەکە دەتوانێت یارمەتیشت بدات ئەگەر گیروگرفتی دەروونیت هەبێت. دەتوانی پشتگیری کرێیت و کەسێک قسەت لەگەڵدا بکات.

Vårdcentralen kan också hjälpa dig om du har psykiska problem. Du kan få stöd och någon att prata med.



بنکە تەندروستیەکە یارمەتیت دەدات لە بەرێکردنێتدا ئەگەر تۆ پێویستیت بە چاودێری تەندروستی تایبەتمەند هەبێت. لەو حاڵەتەدا بنکە تەندروستیەکە پەیوەندی بە بنکەیەکی پێشوازی ترەوە دەکات. بەمەش دەگوترێت حەواڵە.

Vårdcentralen hjälper dig vidare om du behöver mer specialiserad sjukvård. Då kontaktar vårdcentralen en annan mottagning. Detta kallas remiss.



زەنگ لێدە بۆ بنکەی تەندروستیەکە بۆ ئەوەی کاتێک وەرگریت یان داوای یارمەتی بکەیت. زوربەی کات بنکە تەندروستیەکان رۆژانە لە بەیانیەوە تا پاش نیوەڕۆ کراوەن. هەندێک بنکەی تەندروستی کاتی نۆبەگرتنی کراوەیان هەیە.

Ring till vårdcentralen för att boka tid eller be om hjälp. Vårdcentraler är ofta öppna på vardagar från morgon till eftermiddag. Vissa vårdcentraler har drop-in.




بە ئێواران، شەوان یان رۆژانی تەعتیلی دەتوانیت بچیت بۆ بنکەی ئێشکگری کراوە یان بنکەی پێشوازی ئێشکگر. لەوێدا دەتوانیت یارمەتی بدرێیت ئەگەر گیروگرفتێکی وات هەبوو کە نەتوانرێت تا ڕۆژی ئایندە لەسەری ڕاوەستی.

På kvällar, nätter och helger kan du gå till en öppen jourcentral eller jourmottagning. Där får du hjälp om du har ett problem som inte kan vänta tills nästa dag.

# فراگوزاری کوتووپڕ (ئەکیوت)

## Akut vård




دەشێت لە حاڵەتی نەخۆشی کوتوپڕ یان برینداریدا بچیت بۆ بنکەی فریاگوزاری کوتوپڕ لە نەخۆشخانەیەکدا. زەنگ لێدە بۆ ١١٧٧ ئەگەر نادڵنیا بوویت کە ڕوو دەکەیتە کوێ.

Vid akuta sjukdomar eller skador ska du åka till en akutmottagning på ett sjukhus. Ring 1177 om du är osäker på vart du ska vända dig.



نموونە بۆ حاڵەتی کوتوپڕ ئازاری لە پڕە لە سنگدا، فەلەجبوون، شکانی ئێسک و برینداریی گەورە. هەروەها تۆ دەتوانیت ڕوو بکەیتە بنکەی فریاگوزاری کوتوپڕ لە بارودۆخی کوتووپڕی دەروونیدا.

Exempel på akuta tillstånd är akut smärta i bröstet, förlamning, benbrott och stora sår. Du kan också vända dig till en akutmottagning vid akuta psykiatriska tillstånd.




لە حاڵەتی گیروگرفتی ئاسانتردا مەچۆ بۆ بنکەی فریاگوزاری کوتوپڕ. دەشێت تۆ لەو حاڵەتەدا پەیوەندی بە بنکەیەکی تەندروستیەوە بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتی بدرێیت.

Åk inte till akutmottagningen med lättare problem. Då ska du kontakta en vårdcentral för att få hjälp.




زەنگ لێدە بۆ ١١٢ لە حاڵەتی بارودۆخی کوتوپڕدا ئەگەر ژیانی کەسێک بکەوێتە مەترسیەوە. دەکرێت لە ڕێگای موتەرجمێکەوە بە تەلەفۆن یارمەتی وەرگریت ئەگەر پێویستی کرد.

Ring 112 vid en akut situation och om någons liv är i fara. Du kan få hjälp av en tolk via telefon om det behövs.



زەنگ لێدە بۆ ١١٢ ئەگەر بە سەختی بتوانیت هەناسە بدەیت، بە سەختی بریندار بیت، ئازارت هەبوو لە سنگدا یان ئەگەر کەسێک لە هۆش خۆی چوو. سەنتەری ئەلارم هەڵیدەسەنگێنی ئەگەر تۆ پێویستیت بە ئەمبوڵاس هەیە.

Ring 112 om du har svårt att andas, är svårt skadad, har smärtor i bröstet eller om någon är medvetslös. Larmcentralen bedömer om det behövs en ambulans.

# چاودێری تەندروستی ددان

# Tandvård




کاتێک تۆ پێویستیت بە ددانچاککردن بوو دەشێت تۆ بچیت بۆ بنکەی چاودێری ددانی میللی یان بۆ لای کتۆرێکی ددانی تر کە هەرێمەکە ئاماژەی پێدەکات. تۆ دەتوانیت لە 1177.se دا نزیکترین بنکەی پێشوازی بدۆزیتەوە.

När du behöver tandvård ska du gå till Folktandvården eller en annan tandläkare som regionen hänvisar till. Du kan hitta närmaste mottagning på 1177.se.



چاودێری لەشساغی-و تەندروستی بۆ منداڵان تا ١٩ ساڵان بە خۆڕایی یە. دەرمانی بە ڕەچەتە نوسراو بۆ منداڵان تا دەبێت ١٧ ساڵ بە خۆڕایی یە. بۆ گەوران بە پارەیە.

Hälso- och sjukvård är gratis för barn till och med 19 år. Medicin på recept är gratis för barn till och med 17 år. För vuxna kostar det pengar.



گرنگە بێیت بۆ سەردانەکەت. دەشێت 24 کاژێر پێش کاتی سەردانەکە پێمان ڕاگەیەنیت ئەگەر نەتتوانی بێیت. ئەگینا حسابێکت پێدەگات کە دەبێت بیدەیت.

Det är viktigt att du kommer till ditt besök. Meddela senast 24 timmar innan besöket om du inte kan komma. Annars får ni en räkning.





هەموو ئەوانەی زمانی سویدی نازانن مافی خۆیانە موتەرجیمیان هەبێت. پێیان بلێ کە تۆ پێویستت بە موتەرجیمە کاتێک وەختێک وەردەگریت. کارمەندان موتەرجیمت بۆ دەگرن. منداڵان و خزمان نابێت تەرجومەت بۆ بکەن.

Alla som inte kan svenska har rätt till tolk. Berätta att du behöver tolk när du bokar tid. Personalen bokar en tolk åt dig. Barn och släktingar ska inte tolka.



کارمەندانی چاودێری تەندروستی و موتەرجیم ئەرکی نهێنی پاراستنیان لە ئەستۆدایە. ئەوان بۆیان نیە هیچ شتێک لەسەر تۆ باسبکەن بەبێ ڕەزامەندی خۆت.

Vårdpersonal och tolkar har tystnadsplikt. De får inte berätta något om dig utan att du har godkänt det.



För info om symbollicenser: http://www.dart-gbg.org/licenser
Detta bildstöd är skapat via www.bildstod.se i samarbete med berörda verksamheter inom Västra Götalandsregionen.

www.kom-hit.se/flykting